# نەقیزەکەی لالۆم

## 2ـ [مەتەڵ]

جەنابی موفەتیش

ماموٚستای هەمیشەسەرسام رووی کردە قوتابیەکانی و پێیووتن :ـــ مەتەڵی ئەمڕۆمان لەمەتەڵی رۆژانی پێشوو زۆر جیاواز و روو لە هەورازە وپێویستی بە وردەکاریی هەیە وئەبێ سەرەولێژی نەکەن ..بەدەم دەنگە کزەکەیەوە دەستی بردتەباشیرەکەی هەڵگرتوو لەسەرتەختەرەشەکەبەدەست و پە نجەی لەرزۆکەوە نووسی، (ئەمەچی پێئەڵێن..؟!هەتایەك بن هەرجیان و هەمیشەیەك بەدووئەکەن و چواربە پێنج ...؟!)..قوتابیە واق وڕماوەکان لەبری ئەوەی بیرلەوەڵامی مەتەڵەکەی بکەنەوە ئەوەندیدی واقیان لەوە وڕما،بۆچی ئەمڕۆ ماموٚستالەکاتی نووسینی مەتەڵەکەیدادەست وپە نجەی ئەلەرزی ...؟!ماموٚستاش لەوەڵامداوتی،چونکەئەگەر ئەوان خۆیان ئەم وەڵامەم بزانن، ئەوەبەئاسانی تیرۆرم ئەکەن...پاشان تێکڕاقوتابیەکان بۆ وەڵامدانەوەی مەتەڵەکەوتیان:ـــ ماموٚستا کەواتە ئەوە لایەنە جیاجیاکانی ناوگۆڕپانی ئەمڕۆی لای خۆمانەو ئەمەش وەبەڵگەی ئەوەی ئێمەلەوەتی هەین ئەیرێسین و ئەوان رێسەکەمان ئەکەنەوەبەخوری، واتەئێمەئەمانەوێ هەرچوارپارچەبەناهەق دابەشکراوەکەی کوردستان وەکو کالاٌ بەقەدد بالاٌ بدوورینەوەبەیەکەوەوبیکەینەوە بەیەك.کەچی ئەوان لەو پارچە بچووکەی لای خۆیشماندا کردوویانە بە دووان وهاتوون دوو مەلیك و دوو سەرکردەو دوو یاسای وەکودوودەوڵەتی جیاوازیان بۆداناوە ...ئیٚدی ماموٚستاش دڵی تەقی کردوبەدەنگی بەرز وتی کەواتە، لەم وڵاتەئەمین و دیموکراتەی بێ دیکتاتۆریەدا بە[نەقیزەکەی لالۆم]هەچە، لەوانەی یەك ئەکەن بەدوو ئەکەن و چوارئەکەن بە پێنج و ئەشیانەوێ لەبری سروودی (لەخەوهەستن)وبەگورگانەشەوێ و لایلایەی ترسناك بینەروشایەتی مێژوو بکەنەخەو .....